# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەوەی بەرهەمەکانی کەسی گوندنشین (کەسی دەرەی شار) بفرۆشێت لە لایەن کەسی نیشتەجێووی شارەوە، ومامەڵە بە نەجش مەکەن، ونابێت مسوڵمانێک بڕێک پارەی زیاتر بدات بۆ کڕینی شتومەکێک کە برا مسوڵمانەکەی پێش ئەو لە کڕینیدایە، ونابێت مسوڵمان بچێتە داخوازی ئافرەتێک کە برا مسوڵمانی پێش ئەو لە داخوازیدایە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەوەی شتومەکەکانی (بەرهەمەکانی) کەسی گوندنیشین (کەسی دەرەی شار) بفرۆشێت لە لایەن کەسی نیشتەجێووی شارەوە (واتە نابێت لەجیاتی وبەناوی ئەوەوە بیفرۆشێت)، ومامەڵە بە نەجش مەکەن (نەجش واتە نرخێکی زیاتر بدات بە شتێک کە نایەوێت بیکڕێت بۆ نمونە لە مەزاددا بەڵکو ئەم کارە دەکات بۆ ئەوەی نرخی شتومەکەکە بەرز بکاتەوە وکڕیارەکانی تر هەڵبخەڵەتێنێت)، ونابێت مسوڵمانێک بڕێک پارەی زیاتر بدات بۆ کڕینی شتومەکێک کە برا مسوڵمانەکەی پێش ئەو لە کڕینیدایە، ونابێت مسوڵمان بچێتە داخوازی ئافرەتێک کە برا مسوڵمانی پێش ئەو لە داخوازیدایە، نابێت هیچ ئافرەتێک داوای تەڵاقدانی ئافرەتێکی تر (هەوێکەی) بکات بۆ ئەوەی (ئافرەتەکەی تر یان هەوێکەی) بێبەش بکات لە مافەکانی وخۆی شوێنی بگرێتەوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

شەریعەت فەرماندەکات بە لابردن ولە ڕەگ دەرهێنانی هەر هۆکارێک کە ببێتە هۆی دوژمنایەتی وڕقایەتی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگای مسوڵماندا، بۆیە ئەمەش بە ڕوونی لەم دەقەوە دەردەکەوێت، بۆیە لەم فەرموودەدا نەهی کراوە لە زیاد کردنی نرخ ئەگەر کەسەکە مەبەستی کڕینی نەبێت؛ بەڵکو بۆ سوودی فرۆشیارەکان بێت، وبۆ زیان لێدان بێت لە کڕیارەکان ئەمیش بە زیاد کردنی نرخەکە لەسەریان، ونەهی لەم کارە کراوە چونکە درۆ وهەڵخەڵەتاندنی کڕیارەکانی تێدایە، وبەرزکردنەوەی نرخەکانی تێدایە لە ڕێگای فێڵ وهەڵخەڵەتاندنەوە. هەروەها قەدەغەی کردووە کەسی شارنیشین (کەسی نیستەجێبووی شار) شتومەک بفرۆشێت لە جیاتی گوندنیشین (کەسی دەرەوەی شار) چونکە کەسی شارنشین نرخی شتومەکەکان بە باشی دەزانێت لە کاتێکدا کەسی گوندنیشین بەو شێوەیە شارەزا نیە سەبارەت بە نرخەکان بۆیە ئەگەر کەسی شارنیشین لە جیاتی کەسی گوند نیشین شتومەکەکان بفرۆشێت ولەوەیە فێڵ بکات وبە نرخێکی کەمتر شتومەکەکانی بفرۆشێت وهەندێک وردەکاری وهەقیقەت سەبارەت بە شتومەکەکە نەخاتە ڕوو ولێرەدا کەسی فرۆشیاری یەکەم زیان دەکات بەڵام کڕیارەکان لەوەیە قازانج دەکەن بە نادادپەروەرانە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (دعوا الناس، يرزق الله بعضهم من بعض)، واتە: (واز لە خەڵکی بهێنن با بۆ خۆیان بازرگانی بکەن، خوای گەورە بە هۆی یەکترەوە ڕزقیان دەدات). ئەگەر کەسی گوندنیشین خۆی شتومەکەکە بفرۆشێت کڕیارەکان زیاتر قازانج دەکەن؛ چونکە کەسی گوندنیشین وردەکاری زیاتر دەزانێت سەبارەت بە شتومەکەکەی لە کاتێکدا لەوەیە ئەو کەسەی کە لە جیاتی (بە ناوی) ئەوەوە دەیفرۆشێت ئەو وردەکارییانە نەزانێت ئەمەش لە قازانجی کڕیارەکانە. هەروەها قەدەغەی کردووە کەسێک بچێتە داخوازی ئافرەتێک لە کاتێکدا برایەکی مسوڵمانی لە داخوازی ئافرەتەکەیدایە لە پێش ئەو؛ نابێت ئەمە ئەنجامبدات هەتا دڵنیا دەبێت پرۆسەی داخوازیکردنەی کۆتایی هاتووە و وازی هێناوە لە داخوازیکردن. ئەم کارە قەدەغەکراوە چونکە دەبێتە هۆی دوژمنایەتی وڕقایەتی لە

نێوان هەردوو داخوازیکارەکە، وهەروەها دەبێتە هۆی بڕینی ڕزق وسوود لەسەر برای مسوڵمان. هەروەها پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- قەدەغەی کردووە کە کە ئافرەتێک داوا لە مێردەکەی بکات کە خێزانەکەی تری تەڵاقبدات یان ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ وفیتنە وناکۆکی لە نێوانیان کە ئەمیش سەرەنجامەکەی تەڵاقدانە، بۆیە ئەم کارە حەرامکراوە چونکە خراپەکاری زۆری لێدەکەوێتەوە دەبێتە هۆی دوژمنایەتی وڕقایەتی وبێبەشکردنی ئافرەتە تەڵاقدراوەکە لە مافەکانی کە بەهۆی مارەییکردنەوە پیاو لەسەریەتی بۆی دابین بکات لە هەموو جۆرە پێداویستیەکان. ولەم فەرموودەیەدا باسی ئەوەش کراوە کە ئافرەتەکەی تر بۆیە دەیەوێت ئەم ئافرەتە تەڵاق بدرێت بۆ ئەوەی خۆی شوێنی بگرێتەوە ومافەکانی ئەو بۆ خۆی ببات، ئەمیش ئەوپەڕی ستەم وتاوانە جا بەرامبەر بە هەوێ بکرێت یان هەر ئافرەتێکی تر.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5919